# باران و بەڵێن

بارانەکە خۆشی نەدەکردەوە. دەتووت ئاسمان کونەیەکی زەبەلاحی سەربەرەوخوار کردۆتەوەو، بێلەبنهاتن لێیدادەچۆڕێنێ. سەرلەبەیانی سایەقەیەکی سامالی گەشگەشی ئەوتۆبوو، کە بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات، لەچێشتەنگاوەکەیدا بیکا بەو شەستوڕەهێڵەیە!.

ــ لەکوێوە؟!..ئاخر لەکوێوە ئەو هەورە ڕەشە گەڕو چڵکنە، ئاوەها سەرانسەری ئاسمانی گرتەوەو، ئەم غەزەبەی داباراند؟!.

لەدڵدا وای وت و بەبنگوێسوانەو پەناپاسارەکاندا، ڕووەو شوێنمەبەست ڕێگای گرتەبەر. بەیانییەکەی کە لەماڵ بەدەرکەوت، تۆزقاڵ هەور بەئاسمانەوە نەبوو. خۆرێکی درەوشاوەی زێڕین لەدەم کەلی گۆیژەوە، لەئانوساتی سەردەرهێنانیدابوو. تیشکێکی بەبریقوباقی بەئاسمان و بەسەر زەویدا پەخش دەکرد. شار جموجووڵی ڕۆژێکی نوێی پڕ لە گورجوگۆڵیی تێکەوتبۆوە. ڕوولەوەبوو ببێتەوە کوورەهەنگە ئاساییەکەی ڕۆژانیتری. هەر زەلام بوو بەپرتاو ، بەرەو سەر کاروفرمانی خۆی هەنگاوی دەنا. ئەمیش یەکێك بوو وەك ئەوان و، بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵیاندا لەوەدابوو، کە ئەم نەك هەر بۆی بەپرتاو نەبوو، بەڵکوو ماوەی مەیسەرکردنەکەشی لەجگەرەکێشانێك زیاتری نەدەخایاند.

شەوەکەی بەسات خەو نەچووبووە چاوی. تا ڕۆژ لەکەلی گۆیژەوە سەری دەرهێنا، بەدەم لێکدانەوەی ئەو کارەوەی لەو ماوە کورتەی پتر نەدەخایاند، هەر تلایەوەو گینگڵیدا. دەیهێناودەیبردو تاووتوێی پێدەکرد. جارێك و دەو سەد شێلای، ترشاندی، گونکی لێگرت و بەبارێکی ئەوتۆدای بۆ سەقامگیر نەکرا، کە لێیدڵنیاو ئاسوودە ببێ..کە ئیتر ئۆخەیشی لێبکاو بتوانێ، دەستی لێبەربدا. هەموو جار گومانێکی هەر تێدەکەوت..گومانێك کە بەسەدویەك شێوە، خۆی نیشان دەداو ریسەکەی لێدەکردەوە بەخوری. کە ریسیشی دەبۆوە بەخوری، وەك ماری جەزرەبەلێدراو پێچی دەخواردو، تا تەواو شەکەت دەبوو گینگڵیدەدا. ئەوسا بەناچاری رادەکشا. تەقەلایدەدا ڤیروسیای لێبکاو بخەوێ. بەڵام کام خەوتن؟!. هەویرەکە هێشتا

لەکوێیەتی!..هێشتا گەلێك و گەلێك، شێلان و ترشاندن و گونکلێگرتنی دەوێ!. ئیتر تا هەڵاتنی خۆر، شەوگاری ئاوەها بەسەر دەبرد. کاتێکیش خۆر هەڵهات، وەك لەچورتمێکی سەختوستەم دەرباز بووبێ، بەپرتاو خۆی گۆڕیو لەماڵ بەدەرکەوت.

ئا..بۆ خۆگۆڕین و لەماڵبەدەرکەوتن بەپەلەبوو. بەڵام بۆ چوونی بەلای کارەکەیەوە وەها نەبوو. هێشتا بۆ داهاتنی کاتی جگەرەکێشانەکە، زۆری بەبەرەوە مابوو.. بەرەوکوێ بچم و لە کوێی بەسەربەرم؟!. لەدڵدا وای وت و بێخوێندنەوە، سەیرێکی سەعاتەکەی دەستیکرد. بەدوایدا وتی: برسیمە..دەچم سێ‌چوار شیش جگەر دەخۆم.

بەهەنگاوی خاووخلیچك، رووی لەسویجگەرخانەیەکی دوورکرد. جگەری خوارد. ئەی ئێستا بەرەوکوێ؟!. لەدڵدا وای وتەوەو لەبەر دووکانەکەدا راما. ئەمجاریش بێخوێندنەوە، روانییەوە سەعاتەکەی. قەدەرێ ئاوا بێپەروا راوەستا. بۆ خۆخەریککردن، نووکی دەنکەشقارتەیەکی تیژکردو، کەوتە پاککردنەوەی نێوان ددانەکانی. بەردەوامیش بەملاو بەولایدای هەڵدەڕوانی. دەیویست بگاتە بڕیارێك. بەملادا بڕوا یا بەولادا؟!. ئەگەر واوە چوو یا واوە، ئامانجی کوێ دەبێ؟!.

ئامانجی بەهێچ لایەکدا بۆ دەسنیشان نەدەکرا. پەستوبیزاربوو. چکەیەکی ناڕەزایی لەدەم دەرپەڕیو سەرێکی بادا. ئەوسا بەنابەدڵییەوە، رێگای لای شانی راستی گرتەبەرو، دایە دەست رێکەوت. ئەم رێگایە بەرەو ناوبازاڕی دەبرد. ملی بۆداو خاوخاو هەنگاوی‌نا. لەوێ هەنگاوە خاوەکانی، گەلێ دووکانداریان هان دەدا، فەرمووی شتکڕینی لێبکەن. ئەم لەسەرەتادا، گوێی نەدەدانێو رەت دەبوو. بەڵام لەپڕێکدا، بیرێك لەمێشکیدا بروسکەی‌دا. لەدڵدا وتی: ئێ!..ئەی من چیم دەوێ؟!. لەوەبەدوا ئیتر، کە خاوەن دووکانێك فەرمووی لێدەکرد، بۆی رادەوەستا. سووکە چاکوچۆنییەکی لەگەڵدا دەکردو، چاوێکی بەکەلوپەلەکاندا دەگێڕا. دەستی بۆ یەك دوو شت دەبردو، ئەمدیووئەودیوی پێدەکردن. هەندێ جار سەواومامەلەیەکی سارد یا گەرمیشی، لەسەر هەڵدەگیرساندن. دواجار دایدەنانەوەو، بەر دووکانەکەی جێدەهێشت.

ئەم فێڵەی بۆ خۆخلافاندن هێندە پێخۆش بوو، کە دەتووت هەنگی لەکلۆرەداردا دۆزیوەتەوە. ناهەقیشی نەبوو. وەختێکی باشی پێوە بەسەربرد. ئینجا لەمە بەولاترەوە.. کاتێ لەوان لایداو گەیشتە بەردەرگای قەیسەریی نەقیب، وەك وەحییەکی لەئاسمانەوە بۆ بێت وتی: ئەرێ وەڵا!..خۆ عوسمانیشم هەیە!. لەکەیەوە پێم دەڵێ: بۆ نایەیت سەرێکم لێبدەیت و، دووکانە تازەکەم ببینیت؟!. ئەمجاریش دەتووت کوورەهەنگی دۆزیوەتەوە. ملی پێوەناو زۆری پێنەچوو، لەبەردووکانەکەیدا قوت بۆوە. عوسمان پێشوازییەکی لەرادەبەدەر گەرمی لێکرد. پێوەی دیاربوو کە ئەم سەردانەی ئەمی، گەلێ پێخۆش بووە.

سەردان بەدەم قسەوباسی هەمەچەشنەوە، درێژەی کێشا. عوسمان بینیگرتبوو. ئەوەی دەیووت نەیدەووتەوە. ئەمیش وەك بەڕاستی هەنگەکەی لەکلۆرەدارەکەدا دۆزیبێتەوە، خۆشخۆش دانی بۆ رۆدەکردو هانیدەدا. ئەم نەك تەنیا قسەی پێنەدەبڕی، بەڵکوو هەر کە دەیزانی وا ئەو باسێکی هێناوەتە کۆتایی، خێرا سەری باسێکیتری بۆ دادەمەزراند. ئیتر پێشبڕکێ عاجباتییەکەیان درێژەی کێشا، تا تەقەوڕەقەیەکی قەبەی لەناکاو، بەربووە سەربانی قەیسەرییەکەو، هەردووکیانی خامۆش کرد. بەدوایدا دەنگەدەنگی خەڵکەکەیان بەرگوێ کەوت کە دەیانووت:

ـ بارانە..بارانە!.

ئەم وەك قسەکە بەلایەوە قەت جێگەی باوەڕ نەبێ، لەبەرخۆوە وتی:

ـ باران؟!..بارانی چی؟!.

ئەو نەك بارانەکە، بەڵکوو قسەکەی ئەمی پێسەیربوو. وتی:

ـ بۆ؟!..بارانەو بارییوە!.

ـ ئاخر بەیانی سایەقەیەکی ساماڵ بوو!.

ـ جا چییە؟!. بەیانی واو ئێستاش وا.

ئەم لەوشەی ( ئێستا)کە، راچەنیو خورپەیەك دای لەدڵی. بەپرتاو دەستی چەپی رافڕاندە پێش چاوی. ئەمجارە بەپەرۆشەوە سەعاتەکەی خوێندەوە. میلەکان کاتێکی نزیکیان، بۆ ساتی بەڵێنەکەی نیشان دەدا. خورپەیەکی تیژتر دڵی ئاگردا. بەجۆرێك راپەڕییە سەرپێو، بەشێوەیەك خواحافیزیو هەنگاونانو هەیپێلێکردنی دانەدەم یەك، کە عوسمان لەبەرامبەریدا واقیوڕماو سەرسام بوو.

بارانەکە خۆشی نەدەکردەوە. وەرز هێشتا لەپایزی تێنەپەڕاندبوو، کەچی بارانم باران، بەدەستووری شەستوڕەهێڵەی چلەی زستان دادەچۆڕا!. تنۆکەکانی دەتووت، دڵۆپەی بنمیچێکی دارینو قەڵەوقەڵەو، بەدەم یەکەوە دادەڕژێنە خوارەوە. ئەوەی تەنیا بۆ ماوەی رەتبوونێك، لەمبەرەوە بۆ ئەوبەری شەقامێك بکەوتایەتە بەر لێزمەیان، سەرتاپای لەئاو هەڵدەکێشرا. بۆیە ئەمیش تا گەیشتە جێمەبەست، نەك تەنیا جلوبەرگ، بەڵکوو سەراپای لەشی چۆڕاوگەی باراناوی نیشتبوەسەر. ئینجا سەرباری ئەو حاڵەی، وەرە بڕوانە جێمەبەستیش!. پاڵ دیوارێکی بەرینی بێگوێسوانەو، رووبەڕووی لێزمەی بارانەکەیە. دەکەوێتە سەر شەقامێکی، لەخۆی پانوبەرینتری دوولایی. لەبەرامبەریدا بەدرێژایی چەندجارەی دیوارەکە، چۆڵەوانییەکی رووتوقووتە.

ئەگەر رەهێڵەی بارانە لەعنەتییەکەش لەئارادا نەبوایە، قەت ئەمە جێگەیەکی لەبار نەبوو، بکرێتە شوێنبەڵێنو بەتایبەتی، بۆ ئەمێك کە لەئەنجامیدا رەوتی ژیانی، لەبنەڕەتەوە پێدەگۆڕێ.

ئەم دوێنێ ئێوارە کاتێ قاسید هاتو شوێنەکەی بۆ دیاریکرد، ناڕەزایی خۆی دەربڕی. بەڵام کە ئەو وتی:

ـ چاوەڕوانکردنت لەساتەوەختێکی زیاتر پێناچێ.

ئیتر ئەم ملی بۆدا. بگرە لەدڵدا وەهای شکاندەوە، کە رێك لەکاتوساتی خۆیدا دەچێو رادەوەستێ. پاڵ دیوارێکی رووتوقووتە. لەساتەوەختێکی پتر پێناچێو قەمەرەیەك پەیدا دەبێ. لەئاستی ئەمدا هۆپ دەچەقێو لەکفلەیکوونێکدا، خۆی لەناویدا دەبینێتەوە. ئیتر لێخوڕەو کار بەئاسانی مەیسەر بووە. کەچی کارەکە بەئاسانی مەیسەر نەبوو. رەهێڵە لەعنەتییەکە کەوتە نێوانەوە. جارێ تا گەیشتە شوێنمەقسەد، بەدەستییەوە بەو دەردە چوو کە چوو. کە گەیشتیش، دەتووت لەژێر پلوسکی سەربانێکدا راوەستاوە..پلوسکێكو خۆلێلادانی بۆ نەبێ. روانییەوە سەعاتەکەی دەستی. رێك کاتوساتی سەرەتای ماوەی ساتەوەختەکەبوو. بەبیریدا رابورد جگەرەیەك دابگیرسێنێو، سەرومڕ وەختەکەی پێبپێوێ. بەڵام ئانوسات کەلای‌خست. لەژێر لێشاوی ئەو غەزەبەدا، جگەرەی چیو پێوانی چی؟. وازیهێناو رێگای بەسەرچوونی ماوەکەی، بەمەزەنە گرتەبەر. ئەوە نەفەسیك..ئەوە دوو..ئەوە سێ..ئەوە..ئەها..وا ئوتومبێلێك هات. قاسید وتی:

ـ دەبێ باش ئاگاداربیت. کات رۆژی رووناکەو ئەو، دوو جار گڵۆپەکانیت بۆ دادەگیرسێنێو دەیانکوژێنێتەوە. یەکەمیان لەدووریی چل پەنجا مەترێکەوە. دووەمیان دەپازدە مەترێك.

ئوتومبێلەکە هات. کڵۆپە کزەکانی لەدوورەوە داگیرساندبوون. بێهیچ کوژاندنەوەو داگیرساندنەوەیەك، بەخێرایی تێپەڕیو رۆیشت. لەدڵدا وتی: ئەوە پێنجو وەك لەناکاوێکدا، بۆ یەکەمجار لەژمارەی نەفەسەکانی جگەرەیەك بەئاگابێت وتی: ئەرێ بەراست چەند دەبن؟. لەوەابوو لێکی‌بداتەوەو ئوتومبێلێکی بینی، لەدوورەوە گڵۆپی داگیرساندبوو. وازی لە لێکدانەوەکە هێناو زەینی‌دایە. کەچی ئوتومبێل هەر بەگڵۆپە داگیرساوەکانییەوە، وەك تێسکەی تفەنگ رابوردو تەنانەت، لێزمە لیتاوێکیشی بەڕووی ئەمدا پرژاند. هیچ پێی‌پەست نەبوو. لەدڵدا وتی: ئێ جا چییە؟..با ئەمەشی لەسەربێ.

ئەوکاتە ماوەی ساتەوەختەکە، بەزیادەوە بەسەرچووبوو. دەستی بەرزکردەوە بڕوانێتە سەعاتەکەیو سەعات، کەوتە بەر چۆڕاەگەی پلوسکەکە. نەبۆی خوێنرایەوەو، نەمەیلیشی لەخوێندنەوەی هەبوو. لەدڵدا خۆی بەهیوابڕاو لەقەڵەم دا. کەچی دەستیشی بۆ لێبەرنەدەدراو، هەر لەچاوەڕواندا مایەوە!. چاوی لەسەری ئەوسەری شەقامەکە غافڵ نەدەکرد. ئەو تاکوتەرا ئوتومبێلانەی دەهاتنو رادەبوردن، هەر یەکە بەجۆرێك گڵۆپی دادەگیرساندو دەیکوژاندەوە. هیچ کامیان دەردی ئەمی تیمار نەدەکرد. تەووژمی هەستی هیوابڕانەکە، تا دەهات زۆری بۆ دەهێنا. پڕاوپڕ دەرروونی لەورەبەردان دەئاخنی. حەزێکی بێئامان بۆ خۆتووناکردن، لەناخیدا سەری

هەڵدا. خۆی دەبینی لەگەڵ پێچکەکانی یەکێك لەو ئوتومبێلانەی، دێن و ئاوەها کەمتەرخەمانە بەلایدا رادەبوورن، لوولی خواردوەو شێلراوە. خۆی دەکەوتە پێش چاو، بۆتە تۆپەڵێك گۆشت و ئێسقانی تێکهاڕدراو!.

دیمەنەکەی وەها سامناك هێنایە بەرزەین، کە لەئاستیدا خۆی بۆ راگیر نەکرا. وەرچەرخاو رووی لە دیوارە باڵاو بەرینەکەکرد. هەردوو دەستی گرتن بەهەردوو چاوییەوەو، سەری پێوە نووساندن. دەتووت ئەوەتا جەستەی لەولاوە دەهاڕدریٚو، گیانی لەملاوە بۆی دەکڕووزێتەوە. لەکاتێکدا بارانەکەش هەر خۆشی نەدەکردەوە.

سلێمانی ـ 29ـ 10 ـ 1989